# شوێنەوارە دێرینەکانی مەلازگەرد



**عەباس سلێمان سمایل**

شارۆچکەی مەلازگەرد مێژووی دروستبوونی بۆ سەردەمی ئورارتووەکان دەگەڕێتەوە، لە شوێنەوارە هەرە دیارەکانی کەلێ و دیواری مەلازگەردە کە (٧)کم درێژەو سێیەم دیوارە لە درێژی لە جیهان کە بۆ سەردەمی ئورارتووەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها پردی کەچکێ کە بۆ سەردەمی رۆمانییەکان دەگەڕێتەوە بریتییە لە تاشە بەردێکی نەخشێنراو.

هەروەها پردی خاتونێ کە بۆ سەردەمی سەلجوقییەکان دەگەڕێتەوە کە لەسەر چەمی مورادی دروستکراوە تاکو ئەمڕۆ وەکو خۆی ماوەتەوە شارۆچکەی مەلاز گەرد کەوتۆتە دووری ١٣٧ کم باکووری رۆژهەڵاتی شاری موش هەڵکەوتووەو سەربەم ئەئوستانەیە. دانیشتوانەکەی ١٠٠٪ کوردن. بێجگە لە مەلاز گەرد (کەلێ) یشی پێدەڵێن، ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەمڕۆ دەگاتە ٢٥٠٠٠ هەزار کەس، لە زووەختان ژمارەی دانیشتوانی لە ١٠٠/٠٠٠ کەس تێپەڕی کردووە، بەڵام بەهۆی مەترسی زەوی هەژیان خەڵک بەردەوام ئەم شارۆچکەیە بەجێدێڵن بەتایبەتی دەوڵەمەندەکان.

بۆنموونە لە ساڵی ١٩٠٣ کەوتەبەر بوومەلەرزەو بەهەزارانی کوژران و بەهەزارانی ئاوارەبوون.

# میرنشینی بابان (١٦٤٩-١٨٥٠)

**ئا: محەمەد رەشاد عەزیز**

بابان ناوی میرنشینییەکی کوردییە و بنەماڵەیەکی کوردیشە.. ئەم میرنشینییە لە ناوچەی پشدەر دامەزراوە.. بابەگەورەی ئەو بنەماڵەیە فەقێ ئەحمەد بووە کە کوڕەزایەکی لە ناوچەی شارەزوور دەسەڵاتی بەدەستگرتبوو.. ئەو پاشایەی بابان کە لە دوای فەقێ ئەحمەد فەرمانڕەوایی گرتبووە دەست هەڵسا بە فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی تاوەکو کەرکووکیش بەخۆوە بگرێت.. لە سەردەمی حوکمی سولەیمان پاشاش پانتایی ئەو ناوچەیەی دەسەڵاتی بابانی بەسەردابوو فراوانبووەوە و کۆیە و خانەقین و هەولێر و هەریر و ئاڵتوون کۆپری و بەدرەو هەندێ ناوچەی لە رۆژئاوای ئێران خستەژێرحوکمی خۆی... ناوچەسەرەکییەکانی سەر بە حوکمی ئەم میرنشینییە لە سەرەتادا دەڤەری قەڵاچوالانی بەخۆوە گرتبوو دواتر لە ساڵی ١٧٨١یش ئەم ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی بابان درێژبووەوە تا وای لێهات لەسەردەمی حوکمی مەحمود پاشای بابان شاری سلێمانیشی بەخۆوەگرت.. ناوچەی ژێرحوکمی بابان کەوتبووە نێوان هەردوو زێی زاب و سیروان.. مێژووی حوکمی بابانییەکان لە ساڵی ١٧٥٠وە تا دەگاتە ساڵی ١٨٤٧ پڕ لە ناحەزکاری و دوژمنداری بوو لە دژ هەندێ لە میرنشینییەکانی دیکەی وەک میرنشینییەکانی سۆران و بۆتان هەروەها میرنشینی بۆتان بەرهەڵستی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی کرد کە دەیویست کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بخاتە ژێرفەرمانڕەوایی خۆی. لە کاتێکدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم کە دەوڵەتی عوسمانی رووبەڕووی مۆدێرنبوون ببووەوە فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینییە بە کۆتایی گەیشت و دوایین فەرمانڕەواشی لە ساڵی ١٨٤٧ لە نزیک کۆیە تێکشکا و هەر دوا بەدوای ئەمە دەڤەری شارەزوور بە شێوەیەکی کاتی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە لکێندرا... دوایین پاشای بابانییەکانیش لە ساڵی ١٨٥٠ شاری سلێمانی جێهێشت.

**فەرمانڕەواکان**

١- فەقی ئەحەمەد ١٦٤٩- ١٦٧٠
٢- بابا سلێمان ١٦٧٠ - ١٧٠٣
٣- خانا موحەمەد پاشا ١٧٢١ - ١٧٣١
٤-خالید پاشا ١٧٣٢ - ١٧٤٢
٥- سالیم پاشا ١٧٤٢ - ١٧٥٤
٦- سلێمان پاشا ١٧٥٤ - ١٧٦٥
٧- موحەمەد پاشا ١٧٦٥ - ١٧٧٥
٨- عەبدوللا پاشا ١٧٧٥ - ١٧٧٧
٩- ئەحمەد پاشا ١٧٧٧- ١٧٨٠
١٠- مەحمود پاشا ١٧٨٠-١٧٨٢
١١- ئیبراهیم پاشا ١٧٨٢ - ١٨٠٣
١٢- عەبدولڕەحمان پاشا ١٨٠٣- ١٨١٣
١٣-مەحمود پاشا ١٨١٣ - ١٨٣٤
١٤- سولەیمان پاشا ١٨٣٤ - ١٨٣٨
١٥- ئەحمەد پاشا ١٨٣٨ - ١٨٤٧
١٦- عەبدوللا پاشا ١٨٤٧- ١٨٥٠

**نەخشەی میرنشینییە کوردییەکان**






أسماء الألوان / تصميم زانست / الصفحة: ٦٤ / ٣/٦/٠٨ / 2:38 AM

# باڵندەی ئاگر و سەهۆڵی مەریخ و ئەگەری بوونی ژیان



نووسینی/ ئەژی چەتۆ حەسەن



ساڵەهای ساڵە، زانایان لە هەوڵی بێ وچان دان بۆ نزیک بوونەوە لە راستییە شاردراوەکانی گەردوونی هەرەدوور کە لە گەلەستێرە و ئەستێرە و تانە گازییەکان پێکهاتوون، تا دەگاتە نزیکترین تەنی ئاسمانی لە زەوی کە هەڵبەتە مانگە، بەڵام لە نێوان ئامانجە دوورەکان و نزیکەکان، هەسارەی سوور هەڵگەڕاوی مەریخ زۆر جێگای تێڕامان و گرنگی پێدانە، ئەمساڵ بودجەی دەزگای NASA لە بودجەی خودی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا زیاتربووە، بێ گومان، ئەو ملیارەها دۆلارانەی کە (ناسا)ش خەرجی دەکات لە پێناو چەندین ئامانجی ئاشکرا و نهێنییە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای گرنگی پێدانی ئێمەو زانستخوازانە، پڕۆژەی دۆزینەوەی مەریخە Exploration Program (Mars)، چونکە دەرەنجامەکانی بە چاو دەبینرێن و زانیاری و وێنەگیراوەکانی سەر رووی ئەم هەسارەیەش هەردەم جێگای سەرسوڕمانی خەڵکی بووە بەگشتی. هەڵبەتە چەندین ساڵە هەوڵ دەدرێت مرۆڤ وەکو "جەستەو گیان" نەوەک "رۆبۆت و ئامێرکاری" رەوانەی ئەم هەسارەیە بکرێت، تا بەدەست و بازووی خۆی و بە بەکارهێنانی کارامەتری ئامێرە زانستییەکان هەوڵ بدات لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کیمیایی و فیزیایی و جیۆلۆجی ئەنجامدات لەسەر رووی خاکی ئەم هەسارەیە، چەندین ئامانجیش هەیە بۆ ئەم هەنگاوە، لەسەرووی هەموویانەوە دۆزینەوەی هێما هەرە کۆن یاخود نوێیەکانی ژیانی مایکرۆبی یان پەرەسەندوترە. ئینجا ناسینی سروشت و پێکهاتەی سامانیی ئەم هەسارەیە تا لە داهاتوودا سوود لەو سامانە وەربگیرێت لە کاتی دامەزراندنی یەکەم نشینگەی مرۆڤیی لەسەر رووی ئەم هەسارەیە لە دوای ساڵی ٢٠٥٠دا. حاڵی حازر ئەوەی لەبەردەست دایە رۆبۆتەکانن کە لە جیاتی ئێمەی مرۆڤ رەوانەی مەریخ دەکرێن تا شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، ئەمجارەش جەمسەری بەستووی باکوور بۆتە ئامانجی لێکۆڵینەوەی گالیسکەی فینیکس Phoenix (فینیکس واتە باڵندەی ئاگری ئەفسانەیی) کە ماوەی ٩ مانگەی لە بۆشایی ئاسمانی نێوان زەوی و مەریخدا فڕیوە و بەسەرکەوتوویی لە ٢٥-٥-٢٠٠٨ کاتژمێر ٣١ : ٢٠ بە کاتی گرینیتش لەسەر رووی مەریخەوە نیشتەوە. زۆربەی زانایان هیوادەخوازن کە ئەمجارەیان وەڵامێکیان بگاتە دەست سەبارەت بە پرسی بوونی ژیان - تەنانەت ئەگەر زۆر کۆن و سادەش بێت - لەو شوێنەدا، چونکە ناوچەکە لە پێکهاتەیەکی خاک و سەهۆڵی ئاو پێکهاتووە و ژینگەیەکی لەباری هەبووە و هەیەتی بۆ ژیانی هەندێ بوونەوەری بەکتریایی و مایکرۆبی زۆر سادە، با چاوەڕوان بین، بزانین ئاگری ئەم باڵندەیە سەهۆڵی سارد و سوڕی ١١٠ پلەی ژێر سفری سەدی جەمسەری ئەم هەسارەیە دەتوێنێتەوە تا راستییەکان و نهێنییە هەرە کۆن و شاردراوەکانی هەسارەی سوور دیار بخات؟!



یەکەم دیمەن لەدوای نیشتنەوەدا



خاکی جەمسەری باکووری مەریخ بەکامێرای فینیکس



أسماء الألوان / تصميم زانست / الصفحة: ٦٥ / ٣/٦/٠٨ / 2:38 AM

نۆرینگەی

# گرووپەکانی خوێن کامیان باشترن..؟



ئامادەکردنی: د. فەیسەڵ بلْباس

**خوێنەرێک بەناوی (ئیسماعیل) دەپرسی: لە گرووپەکانی خوێن کامیان لەهەموویان باشترە..؟**

**وەڵام:** برای بەڕێز، سەرەتا دەبێ بزانی کە گرووپی خوێن بریتییە لە جۆرە پێکهاتەیەکی پرۆتینی کە لەسەر دیواری خانەکانی خوێندا هەیە بەتایبەتیش لەسەر خڕۆکە سوورەکان. ئەو پێکهاتەیە هەر لەگەڵ دروست بوونی کۆرپەڵە پەیدا دەبێ، چونکە جۆر و شێوەی مادە پرۆتینیەکە لە رێگەی بۆماوەوە دیاری دەکرێ و بە دەست ئەو کەسە نیە. کە دروستیش بوو ئیدی هەتا هەتایی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت. لەسەرەتای دۆزینەوەی گرووپەکانی خوێن، کە پتر لە سەت ساڵ دەبی، تەنیا چوار جۆر دۆزرانەوە و وا دەزانرا هەر ئەو چوار جۆرە گرووپە هەن، کە ناویان لێنان (A، B، AB،




O، بەڵام ئەمڕۆ بەسەدان گرووپی دیکە دۆزراونەتەوە. ئەم گرووپانەی خوێن لەسەر بناغەی چاکی و خراپی جودا ناکرێنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەکاتی خوێن گواستنەوەدا هەندی گرفتی تەندروستیان لی دەکەوێتەوە، وەک کەمی هەندی جۆریان و فرەیی جۆری دیکەیان، خەڵک وا دەزانی ئەمیان خراپ و ئەویان باشە. بۆ نموونە: گرووپی (ئۆ) کە زۆر باوە و لەکاتی تەنگانەدا بۆ هەموو کەسێک دەست دەدات، چونکە نە مادەی (ئەی) و نە هی (بی) تێدایە، بۆیە وا دەزانری کە ئەو گرووپە باشترە. گرووپی (AB) لەبەر ئەوەی هەردوو مادەی جۆری (ئەی) و (بی) هەیە و ئەگەر بدرێتە هەر کەسێک جگە لەو گرووپە ئەوا دەبێتە هۆی وروژاندنی دەزگای بەرگری لەش و دژەتەن بۆ ئەو مادانە لەناو جەستەی وەرگردا پەیدا دەبی و دەبێتە هۆی شکاندنی خڕۆکە سوورە وەرگیراوەکان، بۆیە وا دەزانری کە ئەو گرووپە باش نیە. ئەم گرووپە خوێنانە هەر هەموویان پێکەوە دەکرێنە دوو جۆری دیکە، لە سەر بنچینەی بوون و نەبوونی مادەیەکی دیکە، کە جۆری (نێگەتیڤ) و (پۆزەتیڤ)ن. نزیکەی ٨٥٪ی خەڵک لەجۆری (پۆزەتیڤ)ن و تەنیا ١٥٪ لەجۆری (نێگەتیڤ)ن بۆیە دەست کەوتنی خوێنی نێگەتیڤ زەحمەترە لە هی پۆزەتیڤ کە رەنگە ئەمە بە خراپیەک بۆ ئەو گرووپە بژمێردری، دەنا جۆری خوێن کار ناکاتە سەر هیچ پێکهاتەیەکی لەش و هیچ گرووپێک چاکی یان خراپی بەسەر ئەوی دیکەوە نیە.

**بۆچی هاوسەرگیری لەنێو خزماندا پەسند نیە..؟**

**خوێنەرێک کە ناوی خۆی ناوە (شێروان) دەڵی: بەتەمام ئامۆزای خۆم بخوازم، بیستوومە دەڵێن هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزادا باش نیە..بۆچی..؟**

**وەڵام:** بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتە پێویستە کەمێک بچینە ناو بابەتی بۆماوە. هەر ئاکارێک (سیفەتێک) لەئاکارەکانی لەش وەک رەنگی چاو و قەد و باڵا و موو و..تد، بە نەخۆشیە بۆماوەییەکانیشەوە، دوو هۆکاریان هەیە لەناو جەستەدا کە بە (جین) ناودەبرێن. ئەو دوو هۆکارە یەکێکیان لە دایک و ئەوی دیکەیان لەباوکەوە بۆ منداڵەکەیان دەگوازرێتەوە. سیفەتەکەی لەش یان هەر نەخۆشیەکی بۆماوەیی رەنگە لەسەر یەکێک لەو دوو هۆکارە یان لەسەر هەردووکیان دا هەبن. هۆکارەکانیش یان (زاڵ Dominant)ن، واتە لە لەشدا دەردەکەون کە ئەگەر بەتەنیاش بن. یان (زاڵ نین Re- cessive)، واتە بێهزن و ئەگەر بەتەنیا هەشبن دەرناکەون. تەنها ئەو کاتە ئەو هۆکارە نازاڵانە کاریگەر دەبن و ئەو سیفەت و نەخۆشیەی کە هەڵی دەگرن لە لەشدا دەردەکەوی کاتێک کە بەجووتە هەبن. واتە لەسەر هەردوو هۆکارەکەی کە لە دایک و باوکەوە هاتوون هەبن. ئەمەش زۆر دەگمەنە کە دوو ژن و مێردی هەڵگری هەمان نەخۆشی پێکەوە هەبن. بۆیە زۆر نەخۆشی و سیفەتی بۆماوەیی هەن کە لەناو لەشدا هەن بەڵام لەبەر تەنیایی و بێهێزی لەسەر جەستەدا دەرناکەون، چونکە ئەگەری (چانسی) رێک کەوتنیان بە دووان لەناو لەشی یەک کەسدا زۆر کەمە. ئەو جۆرە نەخۆشیانەی کە هۆکارەکانیان بێهێزە و بەتەنیا دەرناکەوی رەنگە لەناو یەک بنەچە (بنەماڵە) دا هەبن. کەینێ کە دوو کەسی یەک بنەچە بوونە هاوسەری یەکتری ئەوا ئەگەر (چانس) ی هەبوونی هەردوو هۆکارەکە لەو دوو کەسەدا و گواستنەوەیان و بۆ منداڵەکانیان بەجووتە زۆرتر دەبی. هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشی بۆماوەیی دەگمەن لەناو ئەو خێزانانەی کە خزمی یەکترین و لەیەک بنەچە (بەرەباب) ەوە هاتوون. لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن هاوسەرگیری ناو خزمان پەسند نیە لەترسی دەرکەوتنی ئەو جۆرە نەخۆشیە بۆماوەییە دەگمەنانەیە.

**بۆچی دوای سەرشووشتن گوێ دەگیرێ..؟**

**خوێنەر کاک (ه. ن.) دەپرسی: بۆچی دوای هەر سەر شووتنێک گوێیەکم تەپ دەبێ و دەگیرێت..؟**

**وەڵام:** کەناڵی (کونی) دەرەوەی گوێ کە نزیکەی دوو سانتیمەتر قووڵە و کۆتاییەکەی بە پەردەی گوێوە دێت، بە جۆرە پێستێک ناوپۆش کراوە کە خانەیەکی تایبەتی تێدایە. ئەو جۆرە خانەیە بە بەردەوام مادەیەکی لینج دەردەدات کە وەکو شەمی (مێو Wax) وایە و هەر (شەمێ) شی پێ دەگوترێ. سوودی ئەو شەمێیە ئەوەیە کە هەرچی تەنی نامۆی وەک تۆز و خۆڵ و شتی دیکەی لەو جۆرە هەیە ئەگەر بچێتە ناو گوێوە، پێیەوە دەنووسێن و پاشان وردە وردە ئەو شەمێیە دەردەدرێتە دەرەوە و کەناڵەکە پاک دەکرێتەوە لەو تەنانە. لە هەندێک کەسدا ئەو گلاندانەی شەمی زۆر چالاکن و، لەبەر هەر هۆیەک بێت، زۆرتر شەمێ دەردەن. کە ئەو شەمێیە بەبڕێکی زۆر کۆ دەبێتەوە و رۆژانە پاک ناکرێتەوە ئەوا ناو کەناڵەکە داگیر دەکات. سروشتی ئەو شەمێیەش وایە بە ئاو دەپەلمێ و دەئاوسێ و گەورەتر دەبێت، بۆیە کە سەرت دەشۆی و کەمێک ئاو دەچێتە ناو گوێ و دەگاتە شەمێیەکە، شەمێیەکە دەپەنمی و زۆرتر دەبی و کونی کەناڵەکە بەتەواوی دادەخات. بەمەش نایەڵی شەپۆلەکانی دەنگ بگەنە پەردەی گوێ و بیستن کز دەبێ. لەوانەشە کە خەریکی پاک کردنەوەی دەبیت پتر شەمێیەکە پاڵ بدەیت بۆ ناوەوەی کەناڵەکە و باشتر دەیگیرێنی.

بۆ خۆپاراستن لە کۆبوونەوەی شەمێی ناو گوێ پێویستە زوو زوو بە پەڕۆیێکی پاک خاوێنی بکەیتەوە. بۆ چارکردنی ئەو گیرانەش دەتوانی دڵۆپی (سۆدیۆم بایکاربۆنەیت) بەکار بێنی کە لە دەرمانخانەکاندا بە خەستیەکی دیارکراو ئامادە دەکری و بۆ ماوەی یەک دوو رۆژان هەرجارەی یەکدوو دڵۆپ لەماوەی هەر یەکدوو کاتژمێردا بکەیتە ناو گوێتەوە. ئەو مادەیە ئاوەکەی ناو شەمێیەکە وشک دەکاتەوە و شەمێیەکە بچووکتر دەبێتەوە و کەناڵەکە دەکرێتەوە. پاشان پێویستە لە لای پزیشکی تایبەت بە گوی، ئەو شەمێیە دەربهێنرێت.



أسماء الألوان / تصميم زانست / الصفحة: ٦٦ / ٣/٦/٠٨ 2:38 AM

# زۆر خواردن تەنیا هۆکار نییە بۆ قەڵەوبوون

هەڵکەوت جەمیل

**لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کەوا قەڵەوی تەنیا تاکە نیشانە نییە بۆ زۆر خواردن هەمووکات، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە بوونی کێشەیەک بێت لە هۆرمۆنەکان کە پۆتاسیۆم و سۆدیۆم دەگوازنەوە لە نێوان خانەکانی لەش و هەروەها ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئەنجامدرا لەسەر خڕۆکە سورەکان ئەوەیان سەلماند کە زۆربەی ئەوانەی کە قەڵەون کێشەیان هەیە لە هۆرمۆنەکانیان ئەو کێشەیە هۆکاری قەڵەوییانە، نەوەک زۆر خواردن کە بووەتە هۆی لاوازبوونی جەستە لە بەکارهێنانی گەرمۆکەکان لە لەش و کۆکردنەوەیان لە شوێنێکی لەش لە شێوەی چەوری ئەوەش ئاشکرا دیارە کاتێک زۆربەی قەڵەوەکان کێشیان دانابەزێت لەگەڵ ئەوەی رجیمی زۆر بەهێز پەیڕەو دەکەن.**

هەروەها سەلمێندراو کە رێژەی ٥٠ ٪ جیاوازی نێوان کەسێک بۆ کەسێکی دیکە هۆکاری بۆماوەییە و بەهۆی ئەو کەشوهەوایەی کە تیایدا دەژی واتا، بۆماوەیی رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەستنیشانکردنی کێشەو شێوەی جەستەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکاریی بەردەوام هەیە لە جیناتەکان لە کاتی زاوزێ روودەدات، چەند برایەکی یەک دایک و باوک شێوەی جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوەی لە یەک ژینگەدا دەژین، هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە منداڵی ساوا کە لەشیان توانای سوتاندنی گەرمۆکەکانی خۆراکیان کەمە بەرێژەی لە ١٠ ٪ لە باری ئاسایی قەڵەو دەبن کاتێک گەورە دەبن، هەروەها بە هەمان شێوە دەریانخستووە کە ئەو منداڵانەی رێژەی سووتانی گەرمۆکەکانی لەشیان زیاترە لە باری ئاسایی ئەو منداڵانە لاواز دەبن ئەو شتانە هەموو ئەو گوتەیە دەسەلمێنرێت کە دەڵێن هەندێک کەس لەگەڵ لەدایکبوونی ئامادەی قەڵەوبوونی تیادایە.



لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریانخستووە کە ئامێری بەرگری لە ئادەمیزاد رێنمایی وەردەگرێت لە مێشکەوە بەپێچەوانەوە واتا ئەو بە هەمان شێوە رێنمای دەدات بە مێشک ئەو پەیوەندییە لە رێگای ئەو رژێنانەوە دەبێت کە ئامێری بەرگری لە جەستە دەریاندەدات یان لە گلاندەکانەوە دەردەچن وەک (السیوکاتیز) و (الانترلیوکین) و هۆرمۆنی دیکەی کە خانە لمفییەکان دەریدەدەن، لێکۆڵینەوە نوێکان دەریانخستووە کە




دەرکەوتنی هەندێک نیشانە لە مرۆڤ کە لە بارێکی دەروونیی خراپ دەژیت وەک ئەوەی کە روودەدات لە لایەن یەک لە ژن و مێرد کاتێک یەکێکیان دەمرێت دوای ژیانێکی پڕ خۆشەویستی و بەختەوەری بەیەکەوە ئەوەش لەکاتی روودان لاوازبوونی ئامێری بەرگری لە ئەنجامی تێکچوونی باری دەروونی، بەهۆی لە دەستدانی خۆشەویستەکەی ئەوەش دەرکەوتووە لە ئەنجامی پشکنینی رژێنە لمفییەکان بۆ ئەو کەسانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ کەسێکی ئاسایی.

هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو پیاوانەی هەوڵیانداوە خێزانەکانیان تەڵاق بدەن بەهۆی لەیەکتێکنەگەیشتن، ئامێری بەرگری جەستەیان تێکنەچووە لە جەستەیان لە کاتی تەڵاقدان، بەڵکو لە بارێکی تەندروستیی باشدان، بەڵام پێچەوانە روویداوە لەو پیاوانەی کە نەیانویستووە خێزانەکانیان تەڵاق بدەن، بەڵام هۆکارێک وایکردووە کە لێکجودابن.



أسماء الألوان / تصميم زانست / الصفحة: ٦٧ / ٣/٦/٠٨ / 2:38 AM

ts_harem@yahoo.com

# 4 هەنگاو بۆ گۆڕینی مشکێکی بایۆلۆژی بۆ مشکێکی ئەلیکترۆنی!













## **بای بای** (Google Earth)

## ماڵپەڕێک بۆ نیشاندانی گۆی زەوی

– گومانی تێدانیە زۆربەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئاشنای خزمەتگوزارییەکانی بەرنامەی (Google Earth)ی بەناوبانگ بووینە و زانیارییان دەربارەی هەیە، هەر وەک دەشزانین (Google Earth) وەکو بەرنامە پێویستی بە داونلۆدکردن و جێگیرکردن هەیە لەسەر کۆمپیوتەر کە ئەمەش کاتێکی دەوێت و رەنگە باری کۆمپیوتەریش قورس بکات.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باس بکەم ماڵپەڕێکە کە ئەم کارەمان بۆ ئاسان دەکات بە شێوەیەک دەتوانین بە هۆیەوە بەهەمان خزمەتگوزارییەکانی (Google Earth) بگەین بەبێ بەکارهێنانی بەرنامە، جگە لەوەش ماڵپەڕەکە هەندێ تایبەتمەندی زیاتر لە (Google Earth) تێدایە کە خۆی لەمانە دەبینێتەوە:

–بەکارهێنەر دەتوانێ لە ماڵپەڕەکە زانیاری زیاتر لەسەر شوێنەکان دابنێ، بۆ نموونە من لە کاتی گەڕانم لە ماڵپەرەکە بەناو شاری هەولێر ناونیشانی هەندێ شوێنی میللیم بەو ناوانەی کە پێی ناسراوە بە زمانی کوردی دەکەوتە بەرچاو وەکو (گازینۆکان، بازاڕەکان، دوکانەکان...) کە بۆی زیادکراوە.

–بەکارهێنەر دەتوانێ تێبینی و ناوەکان بە (٣٥) زمان بۆ ماڵپەڕەکە زیاد بکات جگە لەمەش دەتوانێ تێبینییەکان لەسەر شوێنەکان لە یەک کاتدا بە چەند زمانێک بنوسێت.

–سەرەڕای خستنەڕووی شوێنەکان بە سەتەلایت دەتوانیت بە هەمان شێوە بە نەخشە (Map)یش بخاتەڕوو.

ئەمانە و چەند تایبەتمەندییەکی دیکە کە بەکارهێنەر دەتوانێ لە لای چەپی ماڵپەڕەکە لە ڕێگای هەرسێ فرمانی(wikimapia (veiw,add place سەیریان بکات. جێی باسە ئەم ماڵپەڕە لە یەکگرتنی خزمەتگوزاری نەخشەی گۆگڵ و سیستەمی (ویکی) کە بە مانای هاوبەشیکردن دێت دروست بووە.

–لە رێگای ئەم ئەدرەسە دچیتە ناو ماڵپەڕەکە:

www.wikimapia.org

– تێبینی/ لە کاتی زیاتر زووم کردن لەسەر شوێنەکان هەندێ چوارگۆشەی بچووک دیاردەکەون بۆ لابردنیان دەتوانیت بچیتە سەرفرمانی (View) کلیک لەسەر (Noplace) بکەیت بۆ نەهێشتنیان.

**ئا: دیار عەزیز**





أسماء الألوان / تصميم زانست / الصفحة: ٦٨ / ٣/٦/٠٨ / 2:38 AM